# سمیناری ڕێزلێنانی ناوەندی هەڵەبجە لە ڕۆمانوسی ناسراوی عێراقی جاسم موتەیر و شاعیرە و چالاکی بواری مافی مرۆڤ بەڵقیس حەمید سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات

شەممە 12–6– 2004 کاتژمێر 7 ی ئێوارە بەکاتی ناوەندی ئەوروپا ,ناوەندی هەڵەبجە–چاك –کۆڕێکی ڕێز لێنانی بۆ بەڕێزان جاسم موتەیر و بەڵقیس حەمید سازدا ,تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیانی کوورد و عەرەب ئامادە بوون , بە شێوەیەك لە هۆڵەکە جێگەیان نەبوەوە .سەرەتای کۆڕەکە کاك حاجی خەلیل بەناوی ناوەندی هەڵەبجەوە بەخێرهاتنی ئامادە بووانی کرد ,پاشان بروسکەی حیزبی شیوعی کوردستانی خوێندەوە تیایدا ستایشی ئەو نوسەرانەی کرد کە لە ڕۆژە سەختەکانی دیرۆکی گەلەکەمان لەگەڵ دۆزی ڕەوای گەلی کورددا بوونە ,پاشان وتاری مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لایەن پارێزەر شەفیق حاجی خدری کارگێڕی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی خوێندرایەوە, تیایدا ستایشی ئەو نوسەرانەی وەکو جاسم و بەڵقیس و هەموو دەنگە بە وەفاکانی کەی وەك د.کازم حەبیب و د.مونزر فەزڵ و زوهەیر کازم عەبود و ......... کرد لەوەی بە ووتنی هەق پشتگیری گەلەکەمانییان کردوە لە کاتێکدا دەنگی شۆفینییانەی کە پڕ بە توانایان هاواری دڵڕەشی قەلاچۆکردن بلاودەکەنەوە .بە دوایدا وتەی ناوچەی هۆڵەندەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز ئازاد مەجید خوێنرایەوە ,تیایدا بە ناوی کوردەوە ستایشی ئەو دەنگە ڕەیانەی کرد لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا لەگەڵ گەلی کورد بوونە,وتی ئەم وەفادارییەی ئەوان لە یاد ناکەین .ئەوجا نۆرە گەیشتە سەر کۆمیتەی ڕیفراندۆم لە هۆڵەنداو و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان ئەوانیش وەك قسەکەرانی پێش خۆیان ستایشی ئەو دەنگانەیان کرد ,کە لایەنگری مافەکانی گەلی کورد بونە .بە دوای ئەواندا ناجی عەقراوی نوسەر و ڕۆژنامەنوس لە وتارێکی چڕ

www.kurdistannet.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و پڕ له سۆزو خۆشەویستیدا به ناوی یەکێتی نوسەرانی کوردی بێلایەنەوه ,ستایشی ڕۆڵیانی کرد.به دوایدا بەڕێز دانا هەڵەبجەیی به ناوی –چاك– و خەڵکی هەڵەبجەوه سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەیانی کرد و ووتی –خەڵکی هەڵەبجه وەفاداری ئەوانەی لەیاد ناچێت بۆ هەڵەبجه تێکۆشاون و نوسیویانەو فرمێسکیان هەڵڕشتووه ,هەروەها پارچه شیعرێکی خوێندەوه که له کاتی کۆڕەکەدا نوسیبووی . .ئەوجا بەڕێز جاسم موتەیر به باسی مێژوی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ گەلی کورد دەستی پێکرد ,پاشان ووتی ئاواتم بوو کوردستان ببینم ئەو ئاواتەم هاته دی ,هەروەها ووتی تەنها چیرۆکی شیرینم نەنوسیوه لەسەر کورد ,بگره دەیانی کەم نووسیوه و ناونیشانی بەشێك له ڕۆمانەکانیشم کوردییه ,ڕۆمانی کانی ماسی به نموونه هێنایەوه .ئەوجا چیرۆکی شیرینی خوێندەوه و له کۆتایی قسەکانیدا ووتی– قەبوڵ ناکەم به دۆستی کوردم ناو بەرن ,من ڕۆڵەی کوردم .

به دوایدا بەڵقیسیش شیعرێکی نوێی خۆی که تەمەنی یەك ڕۆژ بوو لەسەر ئەنفال خوێندەوه , شیعرێکی که بۆ کۆڕەو له کۆتاییدا شیعری هەڵەبجەی پێشکەش میوانەکان کرد.

له کۆتاییدا به خواردن و خواردنەوەو پێشکەش کردنی گوڵ و وێنه گرتنی یادگاری له گەڵییان ئێواره ڕێز لێنانەکه کۆتایی پێهات .

له کاتێکدا دەنگه شۆفینی و ئاینییەکان دژایەتی داخوازەکانی گەلەکەمان دەکەن و ئێمەش دوژمنایەتی خۆمان بۆ ئەو دەنگانه له کەس ناشارینەوه ,لەو کاتەدا ڕێز لەوانه دەگرین ,که وەك دەنگێکی ڕەوا داکۆکیمان لێدەکەن .ئەمه کاری یەکەم جاری چاك نییەو له پەیدا کردنی دۆست بۆ گەلەکەمان درێغی ناکات.درێژه بەم میتۆدی کارکردنه دەدات.

www.kurdistannet.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد–چاك–13–
## 2004–6










PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com






www.kurdistannet
KURDISTAN NET

PDF created with pdfFactory Pro trial version [www.pdffactory.com](http://www.pdffactory.com)